## جوولەکەی بۆکان

کتێبی پڕ بایەخی خاتوو "ئۆراشوارتز بیعری" بە زمانی ئینگلیزی سەبارەت بە مووساییەکانی کوردستان، کە موزەخانەی ئیسرائیل لە شاری ئۆرشەلیم بڵاوی کردۆتەوە، بەڵگەنامەیەکی بایەخدارە بۆ مێژووی ژیانی گەلی بەنی ئیسرائیل لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان.

کتێبەکە کە زیاتر شێوازی ئالبۆمی وێنەی هەیە تا کتێبی نووسراو، گەرچی وێنەکانیش شی کراونەتەوە لە هەموان گرنگتر، شوێنی جوغرافیاییان راگەیێنراوە. شوێنەکان بریتین لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە رۆژ هەڵاتەوە.

واهەیە ناوی کتێبەکە، روونکەرەوەی باشتری ناوەرۆکەکەی بێت : "جوولەکەکانی کوردستان : ژیانی رۆژانە، جل و بەرگ، هونەر و دەستکردیان." واتە کتێبەکە ژمارەیەکی زۆری وێنەی ژیانی رۆژانەی جوولەکە (نەک هەر ئەوان بەڵکوو بە گشتی خەڵکی دیکەش) گرتۆتە بەر و لە وێنەکاندا، چۆنیەتی جل و بەرگ، داب و نەریت، خشڵی ژنان، جل و بەرگی ژن و پیاو و منداڵ، خوری ڕستن، جۆلایی، کڵاو دروون، جاجم و بەڕە و لباد، دیزە و گۆزە و جگە لەوانەش، کتێبی ئایینی و دەستنووس و وێنەی کنیسە (سینێگۆک) ی جوولەکەکانی لە بەشی جیاجیای کوردستان ئاراستە کردوە. خاتوو بیعری لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠ دا سەردانی بەشەکانی کوردستانی کردوە و لەگەڵ مووساییە کوردەکانی ئیسرائیلیش وت و وێژی کردوە و کتێبەکەی بە ئەرک و کارێکی زۆر پێک هێناوە.

بەشێکی زۆر لە وێنەکان هی ناوچەی دهۆک و زاخۆ و هەروەها کرماشان و بەتایبەت کامیارانن. بەڵام هی شارەکانی دیکەش – بۆ نموونە بۆکانیان تێدا دەبینرێت. یەک لە وێنەکان کە بە قەبارەی گەورە چاپ کراوە، جۆگەلە ئاوێکە لەشاری بۆکان، کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا هەڵگیراوە و بە بۆچوونی من هی گەڕەکی ماڵی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمییە، ئەو شوێنەی وا ئاوی حەوزەگەورە دوای ئەوەی بە ماڵی قزڵجیبەکاندا تێپەڕبوو، دەگاتە ناو کۆڵانەکە و بۆ قاپ و کەوچک و جل و بەرگ شتن کەڵکی لێ وەردەگیرێت. من نامەیەک بۆ موزەخانەکە دەنووسم و ئیجازە دەخوازم ئەو وێنەیە لە ماڵپەڕەکە دا بڵاو بکەینەوە و ئەگەر موافقە بکرێت دواتر دەیخەینە شوێن ئەم وتارە. وێنەکە نیشاندەری ژمارەیەکی زۆری کچ و ژنی بۆکانییە کە لەسەر ئەو جۆگە ئاوە خەریکی جل شۆردنن و گەلێک رازاوە و رەنگاورەنگە.

جگە لەوە، زانیاری دیکەش سەبارەت بە جوولەکەی بۆکان لە کتێبەکەدا هەیە، کە بەداخەوە چیتر لەوێ نەماون و هەموویان دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆچیان کردۆتە ئەوێ.

Ora Shwartz – Beeri, " The Jews of Kurdistan – Daily Life, ,"Customs, Arts and Crafts

,.The Israel Museum, Jerusalem, ٢٠٠٠, Jerusalem, ٢٧٥ PP

ISBN : ٩٦٥ ٢٧٨ ٢٣٨ ٦

کتێبەکە نرخی ٤٥ دۆلارە و لە رێگەی مووزەخانەکە، هەروەها دوور نییە لە رێگەی "ئامازۆن" ەوە (کە مەرکەزێکی ئینترنێتییە بۆ کڕینی کتێب) دەست بکەوێت. من لە کتێب فرۆشییەکی ئێرانی لە ناوچەی Westwood ی شاری لوس ئانجلیسی ئەمریکا چاوم پێی کەوت.